گـۆڤـاری زانـكۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(3).Paper3
ڕێــكەوتــی وەرگــرتــن: ٢٠٢٢/١٢/١٥
ڕێكەوتی پەسەندكردن: ٢٠٢٣/٠٢/١٣
ڕێـكەوتی بڵاوكردنەوە: ٢٠٢٣/٠٦/٢٩

# بەکارهێنانی توخمەکانی میلۆدی و هارمۆنی وەک تەکنیک لە موزیکی سەدەی بیستەمدا

**هیوا طلعت عارف[١] - احسان شاکر محسن زلزله[٢] - إدريس عبدالله مصطفى[٣]**

idrees.kurdesh@su.edu.krd - ehsan.zalzala@cofarts.uobaghdad.edu.iq - hiwa.arif@su.edu.krd

[١]بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[٢]بەشی موزیک، کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی بەغداد، بەغداد، عێراق.

[٣]بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر،هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ڕێبازی (وەسفی، شیکاری)یە، پشتبەستو بە میتۆدی چۆنایەتی (qualitative). ستایشی دیاردەیەک یان ڕوداوێک یاخود شتێکی دیاریکراو دەکات، ئەمەش بە سودوەرگرتن لە کتێب و سەرچاوەکانی تر. نمایش و شیکردنەوەی نمونەکان بەو نوێکاریانە جێبەجێدەکات، کە وەک گۆڕانکاری بەسەر توخمەکانی (میلۆدی و هارمۆنی)ی لە سەدەی بیستەم هاتوە. جگە لەمانە، ئەو هەنگاوانە دەخاتەڕو کە چۆن ئەم دو توخمە سەرەکییە وەک تەکنیک، لە ناو موزیکی سەدەی بیستەمدا بەکارهێنراوە.

موزیکدانەرە لێهاتوەکانی ئەم قۆناغە لەپاڵ گۆڕانکارییەکانی تر، باس لە گۆڕانی پێناسەی موزیک دەکەن. بەبۆچونی ئەوان، لە ئێستادا موزیک بە پێناسە و مەتێریالی بەر دەست، بە شێوەیەکی دەوڵەمەندتر و گونجاوتر ئەنجام دەدرێت و بەقوڵی دەربڕین لە هەستی موزیکدانەران دەکات و هەروەها هەستی مرۆڤەکان دەوروژێنێ. لەناو ئەم توێژینەوەیەدا، بەپێی ئەو تێڕوانینە نوێ و سەردەمیانە، تیشک دەخرێتە سەر بەکارهێنانی مەتێریال و تەکنیکە نوێکانی کە لەلایەن موزیکدانەرانەوە بەکارهێندراوە، بە ئامانجی گەیاندنی نامە هونەرییەکان و گەیشتن بە ئامانجەکانیان. بێگومان ئەمەش بە ڕێگای دۆزینەوەی ئەفێکتی دەنگی تازە، بۆ ئەوەی موزیکێکی جیاواز لە ڕابردو پێشکەش بە کۆمەڵگاکانیان و لەسەر ئاستی باڵاتر بە مرۆڤایەتی بکەن. لە هەمان کاتدا، باس لە موزیکی فرەدەنگی دەکرێت، ناسراوە بە (پۆلیفۆنی). ئەمەش لەناو چوارچێوەی ستانداردتی ستایلی موزیکی جیهانی کە بە (کلاسیک موزیک) ناسراوە.

لە بەشی یەکەم، گرفت و گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت. لە بەشی دوەمیش، پێناسەی چەمکەکان و گرنگترین گۆڕانکارییەکان دەخاتەڕو، ئەوانەی لە ناو **سەدەی بیستەم هاتونەتە ئاراوە**. لە بەشی سێیەمیشدا، تیشک دەخرێتە سەر توخمەکانی (میلۆدی و هارمۆنی) لە خستنەڕوی زانیاری پێویست و ئاماژەدان بەو گۆڕانکاریانەی **بەسەریاندا هاتوە.** جگە لەمانە، توێژینەوەکە جێبەجێکردنی کۆمەڵێک شیکاری لەخۆگرتوە. پاشان، بە خستنەڕوی ئەنجام و ڕاسپاردە و لیستی سەرچاوەکان کۆتایی دێت.

**کلیله وشەکان:** بەکارهێنان، توخمی میلۆدی، تۆخمی هارمۆنی، تەکنیک لە موزیکی سەدەی بیست.

## پێشەکی

بێگومان موزیک، هەمیشە گوزارشت لە بارودۆخی تاک و کۆمەڵگا دەکات. ئەمەش لەژێر کاریگەری و ڕەنگدانەوەی زمانی دەربڕین و ئەو ژینگە کۆمەلایەتی- سیاسییەی ئەو ڕۆژگارەی کە تیایدا موزیکەکە دەنوسرێت و ئەنجام دەدرێت. سەدەی بیستەم سەردەمی تەکنەلۆجیاییە، تیایدا سەرەتا بوارەکانی پەیوەندی و گواستنەوە پێشکەوتنێکی ئەوەندە خێرا و ئەوتۆیان بەخۆوە بینی، کە کاریگەریەکی یەکاویەکیان لەسەر شێوازی ژیانی مرۆڤی دروستکرد. هەروەها ڕۆڵێکی گەورەیان هەبو لە گوزارشت و ئابوری و شەر و پێکدادان و گۆڕانکاری جوگرافی. جگە لەوانە، پەیوەندی نێودەوڵەتی و گۆڕانکارییەکانی سیستەمی ژیان لەسەر زەوی. لەگەڵ دەستپێکی سەدەی بیستەم، ئەو گێژاو و شەڕ و پێکدادان و دڵەڕاوکێ و ترسەی لە سەرتاسەری جیهان لێکەوتەوە، بونە هۆکاری کاریگەری و ڕەنگدانەوەی خێرا لەسەر بیروبۆچون و دنیابینینی مرۆڤ بە گشتی و هونەرمەندان بە تایبەت. بۆیە دەگوترێت موزیکی نوێیی دارێژراوی سەدەی بیستەم، گوزارشت لەو ڕوداو و واقیعانە دەکەن کە بەسەر مرۆڤایەتیدا هاتوە.
هونەرە جوانەکان بە گشتی، دەربڕینێکن لە شێوازی بیرکردنەوە و ویژدانی مرۆڤ، کە هونەرمەندان تیایدا لە ڕێگای هونەرەکانیانەوە ئەو شتانە دەردەبڕن کە هەندێک جار ناتواندرێت بە قسەکردن بگوترێت. لەپاڵ ئەوانەش، هەستی خۆشی و جوانی، یاخود ترس و دڵ تەنگی و دەنگی تۆپ و فڕۆکە و بۆمب... هتد هێزێکی دەربڕینی باڵان تیایاندا و وەک موعجیزەیەکی (پەرجویەکی) هونەری دەکەونە بەر گوێ. لەم سەردەمە، ڕوداوەکانی جەنگی جیهانی یەکەم و دوەم و دەرئەنجامی ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی دەوڵەتی عوسمانی. هەروەها درەنگتر، پارچە پارچەبونی یەکێتی سۆڤیەت و یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا، بونە هۆی سەرهەڵدانی چەندین وڵاتی بچوک بچوک و دروستبونی هاوکێشەیەکی سیاسی نوێی جیهانی. لە ئەنجامدا موزیکی ناشیۆنالیزم کە لە سەدەی نۆزدەهەم سەریهەڵدابو، دوبارە بە شێوازێکی نوێ تر لەم سەردەمدا زیندو بوەوە. بەڵام ئەمجارەیان بە شێواز و تەکینکی مۆدێرن تر گەشەدەستێنێ.
بە هۆی درەنگ گەیشتنی پریشکی ئەم جوڵانەوە موزیکیانە بە هەرێمی کوردستان، و بۆ ئەوەی بتوانین شان بە شانی میللەتانی جیهان موزیک داڕێژین. زۆر گرینگە شارەزایی و زانیاری تەواومان لەسەر موزیکی هاوچەرخ هەبێت و ئەم هەوڵانەش دەبێت بە شێوەیەکی زانستی لە دەزگا ئەکادیمییەکانمان ببێت بە مێتۆد و بخوێندرێت.

ئەم توێژینەوەیە تەوەرێکی وەرگیراوە لە بەشێکی کەم لە تەوەرەکانی توێژینەوەی تێزەکەم. هەر بۆیە لێرەدا بەپێی ڕێنماییەکان، سنوردار باس لەو بابەتانە کراوە کە تەنها ئاماژە بە توخمەکانی میلۆدی و هارمۆنی دەکەن. جەختیش

دەکاتە سەر بواری هونەری موزیکی ئەکادیمی، لە هەمان کات دەکرێت ببێتە پێویستیەک و هەنگاوێکی سەرەکی بۆ بەرەو پێشبردنی موزیکی نەتەوەیی و میللیمان و وەک سامانێکی بەردەست بۆ کارکردنەوەی زیاتر لەسەریان. ئەمەش بە ئامانجی ناساندن و بەرزکردنی ئاستی دانانی موزیکی نوێیی سەردەمیانە لە ستانداردەکانی جیهانیی. هەر بۆیە زۆر گرینگە سەرەتا لە پەیمانگا و زانکۆکانەوە دەستپێبکەین، بە دامەزراندنی بەشی تایبەت بە پسپۆری موزیکدانان (Composition)، بەشێوەی ئەکادیمی، کە جەخت لە خوێندنی موزیکی سەردەمی بکات و کاری زانستی لەسەر بکرێت.

## بەشی یەکەم

1-1 **گرفتەکان**: بواری پسپۆری موزیکدانان (Composition) بە شێوەی کلاسیک یاخود مۆدێرن لە هەرێمی کوردستان بوارێکی نوێیە. هەتا وەکو ئێستاش ئەم پسپۆڕایەتییە لە خوێندگاکانی ئەکادیمی وەک پەیمانگا و کۆلێژەکانی هونەرە جوانەکان بناغەی تەواوی بۆ دانەنراوە[1] ئەمەش بۆتە گەورەترین کێشە لەبەردەم بەرەوپێشبردنی بواری موزیکدانان و دروستکردنی بەرهەمی موزیکی (میللی) سەردەمیی لە هەرێمی کوردستان. جگەلەوەش ڕۆڵێکی خراپی گێڕاوە لە گەشەی پەروەردەیی موزیکی جیهانی لەسەر قوتابیان و هونەرمەندان. هەروەها کاریگەریی خراپی هەبوە لەسەر تێڕوانینی تاک لە گوێگرتن و چێژوەرگرتنیان لە موزیکی ئامێری بێ وشە (instrumental music) لە ناوچەکەماندا. هەر بۆیە، بۆ ڕوناککردنەوەی ئەو تاریکییە، هەروەها هەوڵێک بۆ گۆڕینی تێڕوانینی موزیککاران و هاوولاتی بەرامبەر بە موزیکی جیهانی مۆدێرن، جەخت لە گرینگی و پێویستیی لەم جۆرە توێژینەوانە دەکرێتەوە.

کەمی کادیری شارەزا لەم بوارە دەگمەنە، نەبونی زۆر لە پێداویستییەکانی تری ئەم پسپۆرایەتییە، بونەتە کێشەی سەرەکی بۆ بەدیهێنانی بەرهەمی موزیکیی لە چوارچێوەی تەکنیکی مۆدێرندا. نەبونی سەرچاوەی تایبەت بە موزیکدانان بە زمانی کوردی، کەمی ژەنیارانی ئاست بەرز بۆ پێشکەشکردنی دانراوە موزیکییەکان، نەبونی تیپی ئۆرکێسترایەکی ئاست بەرز، کە بتوانێت دانراوەکان بە زیندویی پێشکەش بە جەماوەر بکات لە هۆڵەکان. هەروەها نەبونی ستۆدیۆ و بەرنامەی پێشکەوتو و تایبەت بە موزیک نوسین و زانیاری تەواو بۆ بەکارهێنانی ئەم بەرنامە تایبەتانە بۆ تۆمارکردن لە ستۆدیۆکانی کوردستان. پاشان گرانی نرخی پلاگینەکان و دەنگی تایبەت بە ئامێرەکان، کە لە بەرنامە موزیکییەکان بەکاردێن. ئەمانە هەمو پێکەوە بونەتە ڕێگر لە فراوانکردنی تێڕوانینمان بۆ موزیکی جیهانی. دیارە هەژاریش لە هەردو لایەنی هونەری و ئەکادیمی و کەمی توێژینەوە زانستییەکان لەم بوارە، کێشەیەکی ترە کە ڕوبەڕومان دەبێتەوە.

بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەم گرفتە سەرەکیانە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بدۆزێتەوە و بپرسێت: (بۆ بەرەوپێشبردنی موزیکدانان لە هەرێمی کوردستان، چۆن بتوانین سود لە سەرچاوەکانی موزیکی جیهانی و سیستەمە مۆدێرنەکانی موزیکدانان وەربگرین).

**2-1 گرینگی توێژینەوە:-** گرنگی ئەم توێژینەوەیە بە چەند خاڵێک ئاماژە پێدەکەین:

١- ئاشنابون بە ڕۆڵی نوێی هەردو توخمەکانی سەرەکی موزیک: میلۆدی و هارمۆنی، وەک تەکنیک و بەکارهێنایان لە ئێستاکەی موزیکی جیهانی، بۆ بەرجەستەکردنیان لە بەرهەمهێنانی موزیکی کوردی لە ئاست و شێوازی مۆدێرندا.

٢- نوسین و ئەنجامدانی توێژینەوە بە زمانی کوردی لەسەر موزیکی سەدەی بیست و بەراوردکردنیان بە سەردەمانی پێشوتر. هەروەها دیاریکردنی جیاوازیەکان لە ڕوی بەکارهێنانی مەتێریال و تەکنیکە نوێیەکان، کە زۆر پێویستە بۆ ناوەندەکانی موزیک لە هەرێمی کوردستان.

٣- دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان تایبەتمەندییەکانی موزیکی ناوەخۆیی و ئاراستەکانی موزیکی هاوچەرخ، بۆ بەدیهێنانی موزیکێک، کە کەلەپور و هاوچەرخێتی پێکەوە کۆبکاتەوە.

٤- ئەم جۆرە بڵاوکراوانە دەبنە هۆی هاندانی کەسانی تر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەسەر زانستەکانی موزیکی مۆدێرن (modern music) و موزیکی هاوچەرخ (Contemporary music) لەناو ستایلی کلاسیک موزیکدا.

**3-1 ئامانجەکانی توێژینەوەکە:-**

١- دەوڵەمەندکردنی ئەم بوارە مەعریفییە و سەرنجدان بەو هەمو گۆڕانکارییانەی، کە لە ناو سەدەی بیستەم ڕویانداوە.

٢- خستنەڕوی زانیاری لەسەر گۆڕانکاری لە ڕۆڵی توخمەکانی میلۆدی و هارمۆنی و بەکارهێنانیان وەک تەکنیک لە موزیکی سەدەی بیستەم.

٣- تیشک خستنە سەر میکانیزمی بەکارهێنان، لەلایەن موزیکدانەرانی ناودار بۆ ئەو دو توخمەی موزیک (**میلۆدی- هارمۆنی)** لە کارەکانیاندا، بە شیکردنەوەی نمونە و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵیان لە ناو سەدەی بیستەم.

٤- جەختکردنەوە لە گرینگی پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن و سود وەرگرتن بۆ قوڵایی زانستی موزیکی نوێ و هاوچەرخ، بە بەکارهێنانی شێوازە پەیڕەوکراوەکان لە جیهاندا.

**4-1 ڕێبازی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە بە شێوەی ڕێبازی وەسفی و شیکاریی ئەنجام دەدرێت.

**١-٥ سنوری توێژینەوە:**

سنوری بابەت: موزیکی کلاسیک لە سەدەی بیستەم، تەکنیکە نوێییەکان و تەکنیکە پەرەپێدراوەکان لە موزیکدانان، توخمەکانی (**میلۆدی و هارمۆنی)**.

**١-٦: سنوری کاتی:** سەدەی بیستەم، نێوان ساڵانی 1901 – 1975.

## بەشی دووەم

## هەندێک پێناسەی گرنگ

### 2.1.1 بەکارهێنان:

واتە خستنەکار، بە زمانی ئینگلیزی (use)، بە زمانی عەرەبی (استعمال) "دانانی هەر شتێک لە جێگەی خۆی"(لسان العرب، 649).

### 2.1.2 توخم:

واتە کەرەستەی بنەڕەتی، بەرامبەری بە زمانی ئینگلیزی (Element)، بە زمانی عەرەبی (عنصر)ە واتە (ڕەسەن، بنچینە، سەرچاوە). (معجم المعاني الجامع online).
(توخمە بنەڕەتییەکانی موزیک چوار دانەن: ڕیتم، مێلۆدی، هارمۆنی، کارەکتەری دەنگی).

### 2.1.3 تەکنیک (Technique):

ڕێکار و شێوازە تایبەتمەندەکان کە لە هەر بوارێکی دیاریکراودا بەکاردەهێنرێن، بەتایبەت لە بوارێکی زانستی کارپێکراو و پراکتیکی، شێوازی ئەنجامدان، شێوازی بەدیهێنان، توانای جێبەجێکردنی ڕێکارەکان یان شێوازەکان بە جۆرێک کە کاریگەری لەسەر ئەنجامێکی خوازراو دروست بکات، ئەمانەش پێیان دەگوترێت تەکنیک. (**Dictionary.com / Definition of technique**). **هەروەها گوتراوە:** تەکنیک لە موزیک، بریتییە لەو ڕێگا و شێوازانە، کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی دەنگی موزیکی و دەربڕینی لەلایەن ژەنیاران بە بەکارهێنانی دەنگی ئامێرەکان بە مەبەستی بەرهەمهێنانی ئەو کاریگەرییە موزیکییە وردانەی کە ئارەزوی دەکەن دروست دەبێت. بە گشتی تەکنیکەکانی وەک ئینتوناسیۆن یان شێوازی دەنگ، ئەدا و دەربڕینی هەست، ستانداردێکە بۆ هەمو ئامێرەکان.

### 2.1.4 موزیک (Music):

موزیک پێناسەی زۆری بۆ کراوە، یەک لە پێناسەکان دەڵێت "هونەری ڕێکخستنی دەنگی موزیکیی لە کات و ساتی گونجاو لە چوارچێوەی توخمەکانی میلۆدی و هارمۆنی و ڕیتم و سیفەتی هەستیی لە ڕەنگی دەنگ"ە. موزیک وەک زمانێکی جیهانی هەژمار دەکرێت بە هۆی کاریگەری هەستی و تێگەیشتنی لای هەمو میللەتان بە درێژایی هەمو سەردەم و شارستانییەکان. هەر بۆیە وەکو زانستێک لە گشت جیهاندا دەخوێندرێت و بەردەوام تێز و لێکۆڵینەوە لەسەر نهێنییەکانی ئەم هونەر و زانستە ئەنجام دەدرێت.(**Encyclopedia Britannica**)

### 2.1.5 سەدەی بیست (Twentieth century):

بەگوێرەی ساڵنامەی زایینی، یەکەم ڕۆژی ساڵی 1901 هەتا وەکو کۆتا ڕۆژی ساڵی 2000 سەدەی بیستی پێدەگوترێت.(marefa.org- قرن_20) سەدەی بیستەم سەردەمێکە، تیایدا گۆڕانکاری مێژویی و ڕوداوی زۆر، شانبەشانی پێشکەوتنی زانستیی لە هەمو بوارەکانی ژیان لەسەر زەوی لەسەرتاسەری جیهان ڕویانداوە. ئەوانەش

کاریگەرییەکی یەکاویەکیان لەسەر شێوازەکانی ژیانی مرۆڤایەتی هەبوە. زانست و هونەری موزیک لەگەڵ دەستپێکی سەدەی بیست، هەمەجۆرییەکی زۆری لەسەر دەستی موزیکدانەرانی ئەو سەردەمە بینی، بە دورکەوتنەوە لە یاسا و قەدەغەکانی سەردەمانی پێشو، لە ئەنجامدا، زۆر بە ئازادانە موزیک بەرهەمهێنرا. بەهادان بە هەمو ئەو دەنگانەی لە سروشت بونیان هەیە، تەوزیفکردن و بەکارهێنانی ئەو دەنگانە بەپێی پێویست لە دانراوە موزیکیەکان. بونە هۆی دۆزینەوەی چەندین فۆرم و شێوازی نوسینی نوێ لەو سەردەمەدا. (Encyclopedia Britannica, 2022 Okt. Online.)

### 2.2.1 **موزیکی مۆدێرن** (Modern Music):

بەکارهێنان جیاواز لە ڕابردو، بە موزیکی مۆدێرن دەناسرێت.

سەردەمەکانی موزیک لە ٥٠٠ ساڵی ڕابوردو هەتا وەکو سەرەتای سەدەی بیست، بۆ چوار بەش لەیەک جودا دەکرێنەوە (ڕێنێسانس-بارۆک-کلاسیک-ڕۆمانتیک). لەگەڵ کۆتایی سەردەمی ڕۆمانتیک، لە ناو سەدەی بیست و سەدەی بیست و یەکەمین، قۆناغی موزیکی مۆدێرن دەستپێدەکات کە تیایدا چەندین و هەمەجۆری موزیک دروست بو، وەک نمونەیهەمو ئەو شێواز و تەکنیکە نوێییانە و فراونبونی پێناسە وفۆرمە کلاسیکیەکان لە دوای ساڵی 1900ز لە ڕوی:

(Expressionist music, Serialism, Impressionism, Jazz, Atonality, Experimental music, Twelve-tone technique, Modern opera, Minimal music, Modernity, Postmodern music, Electronic music, Film music…

لەو سەردەمە، سەرهەڵدانی شێوازی جۆراوجۆری موزیک، کاریگەری لەسەر ئێستاتیکا وشێوازی دەربڕین زیاد دەکات. لە ئەنجامدا پێکهاتەکانی موزیک و شێوەکانی بەکارهێنانیشیان گۆڕانکاری بەخۆوە دەبینن.

لێرەوە ئیتر مۆدێرنیزم (Modernism)، شێوازەکانی کارکردنی نوێ و ڕێگا بەرهەمهێنانی نوێی موزیک لەخۆ دەگرێت، وەک ئاماژەمانپێدا، مۆدێرنیزم لە کۆتایی سەردەمی ڕۆمانتیکەوە دەسپێدەکات. ماوەکەی دەکەوێتە نێوان (1890-1975)، لە دواییدا قۆناغێکی دیکەی موزیک دەستپێدەکات، کە پێیدەوترێت پۆست-مۆدێرنیزم (postmodernism) بەدوایدا موزیکی هاوچەرخ (Contemporary) سەرهەڵئەدا، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەوە دەستپێدەکا و هەتا ئەمرۆ بەردەوامە (بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە بوارە جیاجیاکاندا، تایبەتمەندییە سەرەکییەکەیەتی).

موزیکی مودێرن (Modern Music) ستایش دەکرێت بە موزیکێکی درەوشاوە و فەلسەفی. لە ڕوی گوزارشت و گەشەسەندن لە زمانی موزیکەوە، پێکهاتەیەکی تەواو و جیای هەیە. گوزارشت لە بار و گوزەرانی سەردەمەکە دەکا و وەڵامی زەحمەتیەکانی ژیان دەداتەوە. هەروەها ئەو داهێنانانەن کە بە شێوەیەکی نوێ جێبەجێ دەکرێن. ئەمەش لە پێناو ڕێکخستن و گونجاندنێکی بەرزی توخمەکانی موزیک (ڕیتم، میلۆدی، هارمۆنی، ڕەنگی دەنگ) لە موزیکدا. هەر بۆیە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێرێت لە گۆڕینەوەی بیر و تێڕوانینی جوانیی لە نێوان وڵاتانی دونیادا.

یەک لە تایبەتمەندییەکانی تری مۆدێرنیزم ئەوەیە، وەک دیاردە جێگیر نییە، چونکە هەمیشە لە گۆڕان و گەشەکردندایە. لە هەمان کاتیش، ئەو شێوازەیە کە لە پرۆسەی داهێنان و گەشەدا بێهاوتایە و زۆرترین ڕەنگی

دەنگ تیایدا بەدیدەکرێت. هەمو کۆی ئەم هۆکارانەش، جوانی ئەم شێوازە موزیکییە پیشان دەدات. (Encyclopedia Britannica, 2022: Online)

گرنگترین ئاوازدانەرە پێشەنگەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم:

Béla Bartók (1881-1945), Alban Berg, (1885-1935), Edward Benjamin Britten (1913-1976), Aaron Copland (1900-1990), Achille-Claude Debussy (1962-1918), George Gershwin (1898-1937), Paul Hindemith (1895-1965), Sergei Sergejewitsch Prokofjew (1891-1953), Arnold Franz Walter Schonberg (1874-1951), Dmitri Schostakowitsch (1906-1975), Igor Stravinsky (1882-1971), Ralph Vaughan Williams (1872-1958).


گرنگترین ئاوازدانەرە پێشەنگەکانی نیوەی دوەمی سەدەی بیستەم:

Milton Byron Babbitt (1919-2011), Luciano Berio (1925-2003), John Milton Cage (1912-1992), George Henry Crumb (1929-2022), György Sándor Ligeti (1923-2006), Olivier Eugène Prosper Charles Messiaen (1908-1992), Naresh Sohal (1939-2018), Harry Partch (1901-1974), Krzysztof Eugeniusz Penderecki (1933-2020), Karlheinz Stockhausen (1928-2007), Morton Subotnick (1933 – still), Iannis Xenakis (1922-2001).

ئەم هونەرمەندە ناودارانە، لە شاکارەکانیاندا چەندین تەکنیک و شێوەی دەربڕینیان دروستکرد و دارشتنی لە بەرهەمەکانیاندا بەکاریان هێنا.

## 2.2.2 پێناسەی هارمۆنی:

وەک لە پێشتر ئاماژەمانپێدا، هارمۆنی یەک لە پێکهاتەکانی چوار توخمی بنچینەیی موزیکە. لە بنەڕەتدا هارمۆنی harmonia، وشەیەکی یۆنانیە، بە مانای (گونجان یاخود، ڕێککەوتن) دێت. ئەم سیفەتانە باس لە گونجانی دەنگە بەکارهاتوەکان دەکات کە لەیەک کاتدا گوێبیستی دەبین. ئەو دەنگانە لەهەمان ڕەگەزن و لەگەڵ یەک گونجاون. پێکەوە دەوڵەمەندی و جوانی دەبەخشنە ئاوازە سەرەکیەکان. بەکارهێنان و ژەنینی دو دەنگ و سێ دەنگ بەیەکەوە لەهەمان کاتدا، سادەترین شێوازی هارمۆنیە. هەرچەندە ژمارەی دەنگەکان زیاتر بێت، ئەوەندە ئاڵۆزی هارمۆنی دروست دەبێت. بە ڕای ڕامۆ Rameau "هارمۆنی لە موزیک، ڕەنگاورەنگی دەنگێکە کە لەکاتێکی ڕاستەقینەدا دا لە کۆی چەند دەنگێکی جیاواز گوێبیستی دەبین. ئینجا ئەو دەنگە جیاوازانە دەکرێت دەنگی تەبا Consonance sound یاخود دەنگی ناتەبا بن واتە دژە دەنگ Dissonance sound بن". (Jean-Philippe Rameau, Treatise on Harmony, p.35). پەیوەندی نێوان ئەو دەنگانەش لەگەڵ یەکتر، لەلایەن زانستی هارمۆنییەوە دیراسە دەکرێت.




نمونە 1/ دەنگی تەبا و دەنگی ناتەبا

### 2.2.3 **گرنگترین گۆڕانکارییەکان لە موزیکی سەدەی بیستەم**

لە سەدەی بیستەم زۆربەی ڕێنماییە سنوردارەکانی موزیکی کلاسیک دەبەزێندرێن. موزیکدانەران لە توندڕەویی یاساکانی کۆن بە شێوەیەک ڕزگاریان دەبێت کە بە ئازادانە نوسینەکانیان ئەنجام بدەن. ئەوەش کارەکتەرێکی نوێ و بەهێزی بەخشی بە بەرهەمە دانراوەکانیان.

ئەو ئازادییە بە مانای ئەوە نییە کە موزیکی مۆدێرن پابەندی هیچ یاسا و ڕێنماییەک نییە. بەڵکو، لە چوارچێوەی نوێکارییە تەکنیکییەکانی موزیکدانان. تەنها سەربەستی و ئازادی دراوەتە شێوەی دەربڕین و بەکارهێنانی ڕێنماییەکان، بۆ ئەوەی موزیکدانەر بە شێوەیەکی ئازادانە ئامانجەکانی بە قوڵی و ڕێکوپێکی بگەیەنێتە بیسەران.

بەم جۆرە لە ناو نوێبونەوەکانیدا، موزیکی مۆدێرن ڕیفۆرمێکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە لە شێوازەکانی تەکنیکی نوسین و دەربڕینی هەستی مرۆڤ بە ئازادیەکی بێ سنور. هەر بۆیە تێگەیشتن لەم جۆرە موزیکە، پێویستی بە بناغەیەکی باشی زانستی موزیک و کۆمەڵێک زانیاری بنەرەتی هەیە. هەروەها نوسین و دانان لەم جۆرە ستایلی موزیکە، زانیاریەکی زۆر فراوان تری پێویستە.

بە گشتی، گرنگترین ئەو نوێکارییانەی لە ناو سەدەی بیست ڕویانداوە **لەم چەند خاڵەی خوارەوە دەخەینەڕو:**

1. بە تەواوی لە بەکارهێنانی زنجیرە پەیژەی تۆناڵ وازهێنرا و ڕو لە ئەتۆنالیتی (Atonality) کرا.
2. گەڕانەوە بۆ بەکارهێنانی زنجیرە پەیژە کۆنەکان (مۆدەکان)، کە بە شێوازێکی نوێ بەکارهێنران.
3. **چەندین شێوازی نوسینی میلۆدی وگۆرانی نوێ بەرهەمهێنران.**
4. بەپێی سیستەمی ئەتۆناڵ پێکهاتە و کۆردی جیاواز دۆزرایەوە، کە بەگشتی پێویستی بە چارەسەرکردن نییە.
5. سەربەستی لە جوڵاندنی میلۆدی و ئازادانە کارکردن لە سەری، دور لە هەمو یاسا توندرەوەکانی هارمۆنی کۆن.
6. **چەندین شێوەی ڕیتمی ئاڵۆز و نوێ بەیەکەوە لە دروستبونی میلۆدی ڕۆڵیان بینی و بەکارهێنران.**
7. **درێژکردن و کورتکردنەوەی بەهای ڕیتمیی نۆتەکان، کە بۆ ئامانجی تایبەت لە بەرهەمەکاندا بەکارهێنران.**
8. **ڕاستەوخۆ هیچ ڕیتمێکی دیاریکراو لە دانراوەکاندا بە بنەما وەرناگیرێت و سەرنج ڕاناکێشێت.**

9. **بچوکبونەوە، یان پارچەبون و کەمکردنەوەی قەبارەی ڕستەی میلۆدی، یان بەشێک لەو ڕستەیە.**
10. **هەر کەرەستەیەکی موزیکیی، دەکرێت درێژ یاخود کورت بکرێتەوە بۆ بەدەستهێنانی مێلۆدی ئارەزوکراو.**
11. **دەکرێت بۆ بچوککردنەوەی بەرهەمی موزیکیی، ئەلیمێنتێک لابردرێت.**
12. بە گشتی جەختکردنەوەی کەم بەسەر مێلۆدی. (Kostka, p.97)
13. پێکهاتەی ڕستەی نارێک و **بازدانەوەی فراوان لە میلۆدی، بەبنەما وەرگرتنی گشت تۆنەکانی موزیک، بوە هۆکاری دروستبونی** سیستەمی نوێ لەو سەردەمە، (١٢ تۆن).
14. **هەمو دەنگە سروشتییەکان لە هەر شتێکی ژێر کۆنترۆڵ گوێبیستی بین بە دەنگێکی موزیکی قبوڵکراو لە بەرهەمە موزیکیەکان، بەپێی پێویست بەکارهێنرا**.(CAGE, Silence 1961)
15. **دەنگی ئەلێکترۆنی و دەنگە دروستکراوەکان تێکەڵکێشی دەنگەکانی ئامێرەکان کران و بە فراوانی بەکارهێنران**

ڕزگاربونی هارمۆنی لە یاسا توندڕەوەکانی کۆن و بەکارهێنانی بە شێوەیەکی ئازادانە لەناو بەرهەمە موزیکیەکان وایلێکرد ببێتە خاوەن هەست و دەربڕینی تازە و جیاواز بە بەراورد بە سەردەمەکانی ڕابوردو. ئەو ڕزگاربونەش خۆی لەمانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە:

- جوڵەی تەریبیی هەشتی ئۆکتاف Parallel Octaves و جوڵەی تەریبی پێنجیی Parallel Fifths کە جوڵەی قەدەغەکراو بون لەناو هارمۆنی سەردەمانی کۆن. بەڵام لە دوای ئەم گۆڕانکارییە گرینگانە، موزیکدانەران ئیتر هەمیشە ئەم جۆرە جوڵانەوەیان بەکاردەهێنا. لە ئەنجامدا دەربڕینێکی جیاوازی سەردەمیانەیان لێبەدەستهێنان.
- هەمو جۆرە جولەکانی تەریبیی شاراوە لەناو سەدەی بیستەم، ئیتر بەکارهێنانیان لە موزیکداناندا هیچ کێشەیەکی دروست نەدەکرد و بەکارهێنانیان لە ناو هارمۆنی هاوچەرخدا زۆر ئاسایی دەبێت.
- یەک لە ڕێنماییە گرنگەکانی هارمۆنی کلاسیک، کە دەبو دەنگی هاوبەش وەک پێویستییەک لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە، لە ناو هارمۆنی سەردەمیی، ئەو مەرجە هیچ گرنگ و قورساتی نامێنێ.
- جولانەوەی هەمو دەنگەکان باس، تێنۆر، ئالتۆ و سۆپرانۆ بەیەکەوە و هەمان ئاراستە لە ڕابوردو قەدەغە بو. بەڵام لە ناو موزیکی مۆدێرن، بو بە جوڵەیەکی ئاسایی.
- لە ناو هارمۆنی کلاسیک، قەدەغە بو لابردنی دەنگی ناوەندی (دەنگی سێیەمی کۆرد). بەڵام لەم سەردەمە ڕێگاپێدراوە.
- بەکارهێنانی پەڕینەوەی دەنگەکان بۆ دژە دەنگەکان، لە سەردەمی ئێستادا سەربەستە و ئاساییە.
- یەک لە ڕێنماییە هەرە گرینگەکانی هارمۆنی کلاسیک، ئەوە بو دەنگەکانی باس، تێنۆر، ئالتۆ و سۆپرانۆ ڕێگایان پێنەدەدرا بچنە سەرەی یەکتر و بە پێچەوانەش. بەڵام ئەم ڕێنماییەش پەکی کەوت و موزیکدانەران گرنگی بەم ڕێنماییە نادەن. بەڵکو لە دابەشکردنی موزیکەکانیان بە پێچەوانەی ئەم ڕێنماییە کاردەکەن.
- هەروەها لەیەک دورکەوتنەوەی دەنگەکانی تێنۆر، ئالتۆ و سۆپرانۆ هەتا یەک ئۆکتاف و دەنگی باس لەگەڵ تێنۆر هەتا وەکو دو ئۆکتاف ڕێگای پێدەدرا، ئەو ڕێنماییەش لە موزیکی مۆدێرن هیچ گرینگی نەما.

- بەکارهێنان و لە دوای یەک دوبارەکردنی دەنگی هەستیاری حەفتەمی سکێلەکان لە موزیکی مۆدێرن بو بە کارێکی ئاسایی، کاتێک لە هارمۆنی کلاسیک ڕێگای پێنەدەدرا.

لە ئەنجامدا، توخمەکانی میلۆدی و هارمۆنی لە شێوازی بەکارهێنانیان بە تەواوی گۆڕانکارییان بەسەرداهات. هەروەها، لە واتای کۆن جیاوازتر کاری پێکرا و وەک تەکنیک بەکارهێندران لە نوسین و دانانی بەرهەمی موزیکیی.

## بەشی سێیەم

ڕەوتی نوێ لە موزیکی سەدەی بیستەم ئەوەیە، هەمو کەرەستە، تەکنیک، نوێکارەییەکان لە خزمەتی ئامانجدا دەبێت.

### 3.1.0 نوێکاری لە بنیاتنانی مێلۆدی

#### 3.1.1 مێلۆدی لە سەردەمی کلاسیک و ڕۆمانتیک:

بەگوێرەی تێروانین بۆ میلۆدیی لە سەردەمی کلاسیک، مەحاڵە بیر لە میلۆدییەکی تۆناڵ بکرێتەوە بەبێ ئەوەی بیر لە هارمۆنیەکانی بکرێتەوە. بە بۆچونی ژان ژاک ڕوسۆ (Jean - Jacques Rousseau, (1778-1712 "میلۆدی لە هارمۆنییەوە دروست دەبێت"، (Ton De Leauw Music in the Twentieth Century Amsterdam University Pres, Amsterdam, 2005). هەرچەندە ئاوازدانەرانی سەردەمی کلاسیک و ڕۆمانتیک هێزی دەربڕینیان لەسەر مێلۆدی چڕ دەکردەوە، بەڵام لە ڕاستیدا بنەمای سەرەکی مێلۆدییەکانیان هارمۆنی بوە. لە سەردەمی کلاسیک و ڕۆمانتیکدا، هەبونی مێلۆدی تایبەتمەندییەکی خوازراو بوە و یاوەریی هارمۆنی بۆ میلۆدییەکان پێوەرێک بو بەهاکەی بۆ میلۆدی دادەنرا.(Kostka, p. 80). بۆ نمونە "سیمفۆنی9"ی بیتهۆڤن، تێمی بەناوبانگی لە بەشی کۆتایی، هەمو تایبەتمەندییەکانی مێلۆدی کلاسیک لەخۆدەگرێت، سادەیی میلۆدییەکە وا دەکات هەمو کەسێک بە ئاسانی لەبەری بکات، دوبارەبونەوەیی ئەو ڕستە موزیکیانە بە چەندین شێواز، هاوئاهەنگی و یەکگرتویی لە بەرهەمەکە دروست دەکەن، لێرەدا پێشبینینی پێکهاتەی هارمۆنی بە سەرنجدان بە نۆتەکانی میلۆدی کارێکی سەخت نابێت.




نمونە 2 / میلۆدی سەرەکی لە بەشی کۆتایی سیمفۆنیای 9ی بیتهۆڤن

لە سەردەمی مۆزارت (Wolfgang Amadeus Mozart (1756-1791 هەتا وەکو ناوەڕاستی سەردەمی ڕۆمانتیک، جیاوازییەکی زۆر لە پێکهاتەی مێلۆدیدا نەبوە. بەڵام ئاوازدانەران، بۆ ئەوەی بە تەواوی هەستی خۆیان لە

بەرهەمەکانیان دەرببڕن. دەستیانکرد بە هەمەچەشنکردنی ئەو ئامرازانەی کە هەتا ئەوکاتەش بەکاریاندەهێنا. بەمەش جیاوازی لە پێکهاتەی مێلۆدی سەریهەڵدا.

### 3.1.2 **پێکهاتەی میلۆدی لە سەدەی بیستەم:**

لە ڕابوردو هەر وەک ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد، لە کاتی نوسینی میلۆدی، هەمیشە بیر لە ڕێکوپێکی هارمۆنی دەکرایەوە. هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی هارمۆنی کۆن و گۆڕانکاری لە شێوەی بەکارهێنانی. کاریگەری لەسەر تێکچونی پێکهاتەی مێلۆدی دەبێت. هەر بۆیە کارکردن بەشێوازێکی نوێ لەسەر بابەتی میلۆدی، ڕوداوێکی پێویست و سەرەکی بوە لەو سەردەمە. تێڕوانینی سەردەمی کلاسیک بۆ میلۆدی، شوێنی خۆی بۆ تێڕوانینە نوێیەکەی سەدەی بیستەم جێدەهێڵێت. لە پەیوەندیەکانیاندا بە ئازادانە کار لەسەر مۆتیڤ و کادێنسەکان دەکرێت لەگەڵ پێکهاتە هاوسەنگەکانیان. بە سەربەستی جوڵانەوەی میلۆدی، خۆی دور لە بیرکردنەوە لە زنجیرەی ڕێکوپێکی هارمۆنی دەچەسپێنێت.

### 3.1.3 **گۆران و نوێکاری لە بنیاتنانی میلۆدی:**

مێلۆدییەکانی کلۆد دێبوسی Claude Debussy لە نێو مێلۆدیەکانی سەدەی بیستەم بۆ تێگەیشتن، لەم بابەتەدا جوانترین نمونەن.




نمونە 3

لەو بەرهەمەی دێبوسی، ئەگەر دور لە توخمی هارمۆنی سەرنج بدەین بە توخمی مێلۆدییەکە. دەبینین وردە وردە گەشەیکردوە و گەیشتۆتە پێگەی سەرەتایی. واتە ئەو ئەرکە بنیاتنەرەی کە لە سەردەمانی پێشتر بە هارمۆنی دەدرا، لە کاتی دروستکردنی میلۆدی، ئێستا ئەو ئەرکە بە مێلۆدی دەدرێت. بەبێ ئەوەی لە سەرەتادا بیر لە هارمۆنییەکە بکرێتەوە. هەر بۆیە لە سەدەی بیستەم بۆ زۆرێک لە ئاوازدانەران، لە بەرهەمەکانیاندا مێلۆدی بوەتە فاکتەری بنیاتنەر. واتە تەکنیک و میکانیزم، بە بەراورد بە سەردەمانی پێشو بە شێوەی پێچەوانە کاری لەسەر دەکرێت.

ڕەنگدانەوەی ئەو ڕوداوە، بو بە دەرفەت بۆ موزیکدانەران بۆ ئەوەی میلۆدیەکانی موزیکی میللی و فۆلکلۆری خۆیان لەگەڵ ئەفێکت و تەکنیکە نوێیەکانی مۆدێرن کۆبکەنەوە و لە کارەکانیاندا بەکاریبهێنن و پەرەی پێبدەن.


لەناو موزیکی کوردی بە گشتی، فاکتەری میلۆدی بەڕێکەوتیش بێت لە پلەی یەکەمی بەرهەمی موزیکی و گۆرانیەکاندا دێت. بە هۆی ئەوەی ئاوازدانەران لە کاتی دانانی گۆرانییەک، یاخود هەر پارچە موزیکێک، لەپلەی یەکەم بیر لە جوانی میلۆدی دەکەنەوە، بەبێ ئەوەی پێش وەختە بیر لە هارمۆنیەکانی ئەو میلۆدیە بکەنەوە. ئەوەش بە هۆی ئەوەی بەرهەمەکان بە شێوەی مۆنۆفۆن (تاکە هێڵی موزیکی) بیری لێدەکرێت و دەنوسرێت. لە دواییدا ئەگەر کەسانی شارەزا ئارەزوی نوسینی هارمۆنی بۆ ئەو میلۆدیە دانراوە یاخود بۆ میلۆدیەکی فۆلکلۆری ئەنجام بدەن؛ لێرەدا ڕێزبەندی نۆتەکانی میلۆدیی پێکهاتەی هارمۆنی بەرهەمەکە دیاری دەکات.

### 3.1.4 **گەڕانەوە بۆ زنجیرە پەیژەی مۆودال** (Modale Tonleitern-Modal Scales):

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمەوە، دورکەوتن لە بەکارهێنانی سیستەمی تۆناڵی مێیجەر و ماینەر (گەورە-بچوک)، وا لە موزیکدانەران دەکات بە دوای جێگرەوە بگەڕێن. سەرەتا پەنایان بۆ مۆدەکان بردوە، چونکە مۆدەکان بەگشتی لە سەدەی ناوەڕاست زۆر کاری پێدەکرا، بەم شێوەیە لە سەدەی بیستەم دوبارە گرنگییان پێدەدرێتەوە و زیاتر پەرەیانسەند.

پەیژەکانی مۆداڵ، هەر یەکە ناوێکی تایبەت و جیاواز لەوەی تری هەیە کە لە سەردەمی گریکییەکانەوە دیاریکراون. هەریەک لەو مۆدانە لەسەر تۆنێک لە حەوت دەنگە سەرەکیەکانی موزیک (دۆ، ڕێ، می، فا، سۆڵ، لا، سی) دروستکراون، هەریەکەشیان میانەی جیاواز و تایبەت بە خۆی هەیە. دەکرێت هەر یەک لە دەنگەکانی موزیک (١٢ نیو تۆن) بە بنکە (Tonic)ی پەیژەی مۆودەکان دابنرێت و کاری لەسەربکرێت.

وشەی مۆداڵ (Modal) لە وشەی مۆد (Mode) وەرگیراوە، کە بە واتای: شێوە، ڕێگە، ڕێباز، جۆر دێت.





نمونە 4

"چەمکی مۆدالیتی بە گشتی بۆ ئاماژەدان بە مۆدەکانی کڵێسا بەکاردێت، نەوەک بۆ پێکهاتەکانی هارمۆنی و مێلۆدی کە لەسەر بنەمای پەیژەی گەورە major و بچوکەکان minor دامەزراون".(Willi Apel, p. 451) دەنگە سەرەکییەکان لەگەڵ دەنگەکانی تر هەمو بەیەکەوە بەستراون، پەیوەندی نێوان ئەو دەنگانە، هەستی تۆنالی دروست دەکات. بەڵام ئەو دەنگانە کە لە دەوری دەنگی سەرەکی نیشتەجێ دەبن، ئەوەش مۆدالیتی(مەقام) دروست دەکات (٣٥ لا Vincent Persichetti).

مۆدەکان لە سەدەی بیست وەک مەتێریالێکی نوێ زیادکرا و لەسەر بنەمای کلاسیکی "دیاتۆنیک" لە موزیکداناندا بەکارهێنرا. دێبوسی یەکێک بو لەو ئاوازدانەرانە، کە مۆدە کۆنەکانی بەکارهێنا لە بەرهەمەکانیدا. بەدوای ئەو ستراڤینسکی دێت، ئەویش بە هەمان شێوە لە ناو تێگەیشتنێکی مۆدال (مەقام) بەرهەمە موزیکییەکانی بنیاتنا.

### 3.1.5 تەکنیکی ستراڤینسکی لە دروستکردنی مێلۆدی:

ئەم جۆرە تەکنیکە لەسەر بنەمای سیستەمی تێکەڵکردنی مۆتیڤی کورت کورت دامەزراوە، کە پەیوەندیی لە نێوانیاندا نییە، بەڵام لەگەڵ فرەچەشنی ڕیتم بەیەکەوە دەبەسترێنەوە. بەکارهێنانی ڕیتم لەلایەن ستراڤینسکیەوە بە بەراورد بە ئاوازدانەرانی تر بە تەواوی جیاوازە. چونکە بەرهەمەکانی ستراڤینسکی زۆرجار بە چەند شێوازی ڕیتمی جیاواز، بە نمایشی تاکە مۆتیڤێک دەستپێدەکات. لەو بەرهەمە موزیکییە ناودارەی (کۆنچێرتۆی ڤیۆلین – ستراڤینسکی)، سەرنج دەدەینە مۆتیڤێک، سەرەتا بە ئونیسۆن و لەدواییدا هەر جارێکیان لە شێوەیەکی ڕیتمی نوێ و جیاواز لەوەی تر، بە یاوەری هارمۆنی نوێ، چەندین جار دوبارە دەبێتەوە.




نمونە 5

3.1.6 **مێلۆدی تێمپۆی ئازاد** "Rubato Melody":

ڕوباتتۆ (Rubato) وشەیەکی ئیتاڵیە، کە بە واتای (کاتی دزراو، لێدزین، لێبردن) دێت. زاراوەیەکی موزیکییە و ئاماژەییە بۆ ئازادی لە دەربڕین. بەڵام کەمێک بە خێراکردنی ڕیتمی و پاشان خاوکردنەوەی تێمپۆی پارچەیەکی موزیکیی کە بە ئارەزوی سۆڵۆیست یان، بەڕێوەبەر-مایسترۆ بەرێوەدەچێت.

ڕوباتۆ شێوەدانانێکی دەربڕینە لە موزیک و بەشێکە لە دەستەواژەکردن. (مێلۆدی تێمپۆی ئازاد) تەکنیکێکی تری نوسینی میلۆدیە کە لەو سەردەمەدا پەرەپێیدراوە. زۆرجار لە بەرهەمەکانی بارتۆک و هیندمیتدا دەبینرێت، (254-255 لا Paul Hindemith,) تیایدا قەبارە و پێوەری بارەکان لە یەکتر جیاوازیەکی تەواویان هەیە، بە شێوەیەکی بەرچاو کورت و درێژی نۆتەکان دژ بە یەکترن. هەروەها جەختکردنەوە لەسەر مۆتیڤ و نوانسەکان تایبەتمەندییەکی تری ئەو تەکنیکەیە. لەم نمونەیەی خوارەوە، لە سەرەتای ئاوازەکە لە سەرەوە بە زمانی ئەڵمانی نوسراوە (زۆر خاو، ئازادی لە پێوەری کات).




نمونە 6

لەسەدەی بیستەم، بینینی هێڵێکی درێژی میلۆدی زۆر دەگمەنە، لە لایەک نەبونی بنەمایەکی هارمۆنی-مەتریکی ڕون، لە لایەکی دیکەوە پەیوەندی نێوان مێلۆدی و یاوەری دەنگەکانی هارمۆنی بە تەواوی لەیەکتر جیایە.

لە نێو ئاوازدانەرانی سەدەی بیستەم، وێبێرن (1883-1945) A. Webern جێگایەکی تایبەتی هەیە. لەو بەرهەمەی (variationen für orchester op. 30) ئاتۆناڵ و تەکنیکی دوانزە تۆنی وێبەرن، هەمو توخمەکانی موزیک لەناو پێکهاتەکەدا بە شێوازێکی ناوازە و تایبەت بەخۆی، کاری لەسەر کراوە. بە تایبەتی ئەو زنجیرەیەی کە بۆ "گۆڕانکاری-variation"(فەرەج، لا ١٣٢) دروستی کردوە، بە شێوەیەکی تایبەتمەند لە سیمیترییەکەیدا سەرنجڕاکێشە.



Anton Webern – Variations for Orchestra, Op. 30(1940) / 8 نمونه

جێگای سەرنجە کە مێلۆدییەکە بە تەواوی کورت و بازدانەوەی فراوان و بەبێ خۆپیشاندانێکی زەق نمایش دەکرێت، دەنگەکان زۆر بە ئێکۆنۆمیک، واتا بە شێوەیەکی کەم بەکارهێنراون. ئەوەش یەکێکە لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی سیستەمی دوازدە تۆن ”Tone 12”. بەکارهێنانی میانە(ئینتەرڤاڵ) جۆراوجۆر و مۆتیڤە ڕەنگاورەنگەکان، یەک پارچەیی لە بەرهەمەکەدا دروستکردوە. نمایشێکی کەمی میلۆدی، ڕەنگی دەنگ، تێمپۆ، نوانس و توخمە موزیکییەکانی تر، هەمو بە یەکەوە لە هەوڵێکدان بۆ ئەوەیی تەواوی بەرهەمەکە دروست بکەن. لەم نمونەیەدا وێبێرن ( Anton Webern) بە چوار دەنگ، سێ دانە مۆتیڤی جیاوازی دروستکردوە، بەم شێوەییە تەواوی کارەکە هەم بە شێوەی ئاسۆیی و هەم بە شێوەی ستونی دیاری کردوە و دەربڕیوە.

### 3.1.7 **گۆرانیگوتن وەک قسەکردن** "Sprechstimme":


یەکێک لە تەکنیکەکانی تری نوسینی مێلۆدی لە ناو سەدەی بیستەم، لەلایەن دوهەمین قوتابخانەی ڤیەنا دروستکراوە.(**Schonberg. 1975**) هەرچەندە لەم جۆرە تەکنیکە بۆ یەکەمجار لە بەرهەمی پیرۆت لونێر " Pierrot Lunaire"ی شوینبێرگدا بەکارهاتوە. لە ڕاستیدا ئەوە چەمکێکە لە سەدەی (١٦)یەمەوە بونی هەبوە. بەڵام لە سەدەی بیستەمدا لەگەڵ شوینبێرگ دیسانەوە گرنگییەکی زۆری پێدرایەوە و زیاتر پەرەیسەند. ئەم تەکنیکە لەسەر بنەمای دروستکردنی مێلۆدییە، بە گۆڕینی وشەکانی ناو دەقە نوسراوەکە بۆ دەنگ بە شێوەی تۆن و نۆتەی موزیک. بێ گومان دروستکردنی دەنگ وەک میلۆدی، کاتێک بەبێ بیرکردنەوە لە هارمۆنی ئەنجام بدرێت ئاسانترە. هەروەها لە تایبەتمەندییەکانی بازدانی فراوان و بەکارهێنانی سینکۆپ لە بەرهەمێکدا، ڕۆڵی گرنگ دەبینێت لە هەستی بونەوەری پێوەرێکی ڕون، واتە هەستکردن بە ترپەکان لە ناو (بار یاخود، مێزور) و زۆر سەخت و مەحاڵ دەبێت. بیرۆکەی بەکارهێنانی قسەی مرۆڤ و وەرگێڕانی بۆ دەربڕینێکی مێلۆدی بە دەنگ، هێندەی تر لە دوای شوێنبێرگ گەشەییکرد، وەکو ئەوەی لە بەرهەمە دەنگییەکانی ئەلبان بێرگ (Alban Berg) دەیبینین.




نمونە 7 / "Sprechstimme" لە کتێبی "Pierrot Lunaire (1912)ی شۆنبێرگ"Der kranke Mond"

### 3.1.8 **ڕەنگی دەنگی مێلۆدی**"Klangfarbenmelodie":


بەزمانی ئینگلیزی (timbre Melody) تەکنیکێکی تری دروستکردنی مێلۆدییە کە لە سەدەی بیستەمدا سەریهەڵدا. ئەم تەکنیکە مێلۆدییە بە گشتی بۆ ئامێرەکان بەکاردەهێنرێت، کە نۆتەکانی یەک لە دوای یەک لەناو پێکهاتەی مێلۆدییەکە بە دابەشکردن و ژەنینی لەلایەن ئامێرە جیاوازەکانەوە بە هاوبەشی نمایش دەکرێن. موزیکدانەر ویبەرن (Webern) بە گشتی لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا ئەو تەکنیکەی بەکارهێناوە.




نمونە 9 / Klangfarbenmelodie Webern-Concerto-for-Nine-Instruments-Op 24

### 3.1.9 "cell" خانە میلۆدیەكان:

لە دوای ساڵی ١٩٥٠ ئازادییەكی گەورەتر لە شێوەی نوسینی میلۆدیدا ڕویاندا، ئەو ئازادیە بە ڕونی لە بەرهەمی موزیكی تایبەت بۆ ئامێری باس فلوت لە ساڵی 1955 لەلایەن پییێر بولێ (Pierre Boulez, (1925–2016 نوسراوە بەناونیشانی "Le Marteau sans Maitre" (چەكوشی بێ وەستا)، تێدا بەدی دەكرێت.




نمونە 10 / "La Marteau sans Maitre"


لە شیكاری بەرهەمەكەدا، دەبینرێت كە موزیكدانەر لە پێكهاتەكانی مۆتیڤ و تێمای نەریتی لاساییەكاندا. بە تەواوی دوركەوتۆتەوە و كارەكە لەسەر بنەمای "cell" (خانە میلۆدیەكان) دامەزراندوە و بەردەوام لە شێوەی ڕیتمیی جیاوازدا دەردەكەون. هەروەها بەكارهێنانی میانەكانی ٧ی گەورە (Major 7) و ٩ ی بچوك (minor 9) و تریتۆن Triton سەرنجمان ڕادەكێشێت. موزیكدانەر میلۆدی ئەتۆنال، و بازدانی فراوان لە نێوان نۆتەكانی میلۆدی بەكارهێناوە. ئەوەش تایبەتمەندییەكی سەرنجڕاكێشی تری بەرهەمەكەیە. لە ڕوی ڕیتمەوە تاڕادەیەك ڕەنگاوڕەنگە، مەودای دەنگی ئامێری (باس فلوت) بە تەواوی هەموی بەكارهێنراوە و نوانسەكانی نێوان دەنگی بەرز و دەنگی نزم، لە ناكاو گۆڕانكاری بەسەر دێت. واتە كاتێك ئاوازدانەرەكان میلۆدییەك بەرهەمدێنن، جگە لە ڕێبازە نەریتییەكان. ئەو تایبەتمەندییە بنەڕەتیانەی لەگەڵیدا بەكاردەهێنن، كە میلۆدی سەدەی بیستەم لە موزیكی ڕابوردو جیادەكاتەوە.

### 3.2.1 هارمۆنی لە سەدەی بیستەم:

لەگەڵ دەستپێكی سەدەی بیستەم بەهەمان شێوە، هارمۆنی(Harmony) گۆڕانكاریەكی ئەوتۆی بەخۆیەوە بینی كە جێگای سەرنجە. چونكە جیاوازتر لە ڕابوردو و دور لە هارمۆنی و فۆرمە نەریتییەكانی موزیكی كلاسیكی بەرهەمدەهێنران. ئەوەش بە هۆی دوركەوتنەوە بو لە سیستەمی تۆناڵ. هەر ئەوەش بوە هۆی دۆزینەوەی چەندین تەكنیكی نوێ بۆ دەربڕین لە موزیكی ئەو سەردەمە. بێ گومان ئەو ڕوداوانە كاریگەریان كردۆتە سەر شێوازی نوسینی نۆتە و ئاماژە گرینگەكان لە كاتی ئەودا دا فراوانتر بون. لەئەنجامدا شێوازی نوسینی تایبەت و نوێ بۆ دەربڕین لە موزیك خوڵقێندرا.



Morton Feldman




-Projection 4 de Morton Feldman, p. 1.

نمونە 11 / دو شێوازی نوسین موزیکی سەردەمی

هارمۆنی لە ناو سەدەکانی پێشوتر، بە زانستی گونجانی دەنگەکانی موزیک لە چوارچێوەی یاساکانی هارمۆنی پێناسە دەکرا. بەڵام، لە دوای دەستپێکی سەدەی بیستەم و لە موزیکی سەردەمیدا، موزیکدانەرەکان ئازادی و سەربەستیەکی ڕەهایان بە خۆیاندا. لە هەڵبژاردن و دروستکردنی دەنگی جیاواز لە ڕێگای دۆزینەوەی تەکنیکی نوێ. بۆ گەیشتن بە ئامرازەکانیان لە دەربڕینی موزیک و هارمۆنی تازە و تایبەت بە خۆیان. واتە پابەندبونییەکی ئەوتۆ بە ڕێنماییە کۆنەکان وردە وردە کەمبویەوە و بوە هۆی ئەوەی موزیکی مۆدێرن سەرهەڵبدات. ئەو گۆڕانکارییە ڕادیکالیانەی لە بنیاتنانی هارمۆنی لەو سەردەمە ڕویاندا، تۆوەکانی لە کۆتایی سەردەمی ڕۆمانیتک چاندرابو. ئەویش دورکەوتنەوە لە تۆنالیتێت[2]، بە ڕەها بون و بایکۆتکردنی سیستەمی تۆنالیتەیی بو. واتە لە موزیکی سەدەی بیستەم، بە تەواوی یاسای تۆنالیتێت تێکشکا و وازی لێهێنرا و سیستەمی ئەتۆنال، سریالیزم، دوازدە تۆنی و **هارمۆنی ناکۆک** لە دونیای موزیک لەسەر دەستی (دێبوسی، شۆنبێرگ، مالەر، کێیج، بێرگ، وێبەرن) سەریانهەڵدا و چەسپێنران.

کاتێک موزیکدانەران لە سەدەی بیستەم وازیان لە بەکارهێنانی ڕێنماییەکانی هارمۆنی تەقلیدی هێنا، ئەوکاتە پەرش و بڵاوی دروست بو. هەروەها کێشەی چارەسەری جۆراوجۆر بۆ کۆردەکان و بۆ پەیوەندییە هارمۆنییەکان بو بە گرفتێکی تر. هەرچەندە ئاوازدانەران بە ئازادانە "یاسای" جۆراوجۆریان داهێنا، بەڵام بە ڕاشکاوی لە سەدەی بیستەم سیستەمێکی هارمۆنی هاوبەش و جێگیر لای موزیکدانەران پەیدانەبو. هەرچەندە موزیکدانەرانی سەدەی بیستەم لە دروستکردنی هارمۆنی کۆردەکانیان وەکو سەردەمانی ڕابردو لەسەر سیستەمی میانەکانی (ئینتەرڤاڵی) سێیی پێکدێنن (1–3–5–7–9). بەڵام شێوازی بەکارهێنان لای ئەوان بەراورد بە سەردەمانی ڕابردو جیاوازە.

لەو نمونەیەی خوارەوەدا، دێبوسی لە کۆتایی ئاوازەکە بە کۆردەکانی (Fa m – La M – Mi m) کادێنس(Cadence)ی پێکهێناوە. (لەجیاتی کۆردی دۆمینانت، کۆردی حەوت بچوک VII m، کۆردی III m)هەیە. لە کاتێکدا وا پێویست بو دواهەمین کۆرد ببێت بە Fa M، بەڵام بەرهەمەکە بە کۆردی دۆمینانت 9 کۆتایی پێهێناوە (دۆ–می–سۆڵ–ڕێ).

لێرەدا وا بیردەکرێتەوە کە ڕێکخستنی ئەم کۆردانە لەبەرئەوە بەم شێوەیە ئەنجام درابێت، بۆ ئەوەی بیسەران بە کۆتاییەکی چاوەڕواننەکراو سەریان لێبشێوێندرێت.

**Debussy, Prelüdler 2. "Canope"**





نمونە 12

لەو سەردەمە هەمو جۆرە کارکردنی هارمۆنی لە وشەی (یاسا)وە گۆڕاوە بۆ وشەی (هەڵبژاردە). واتە موزیکدانەر بەپێی پێویست و ئازادانە لە کارە موزیکیەکەی ڕێنماییەکانی هارمۆنی جێبەجێدەکات.

موزیکدانەر مۆریس ڕاڤێل M. Ravel لەو نمونەیەی خوارەوە بە بەردەوامی پێنجیی هاوتەریبی بەکارهێناوە، کە لەرابوردودا بەکارهینانی قەدەغەبوە. پێنجی هاوتەریب لە سەرەتای بەرهەمەکە لە نێوان ئەم دەنگانە بە زەقی دیارە (فا-دۆ لەگەڵ می-سی / لەنێوان باری دوەم و سێیەم هەمان شت دوبارە دەبێتەوە / ئینجا فا-دۆ، می-سی، ڕێ-لا، فا-دۆ لەبازنەی سێیەم لە نمونەی خوارەوە ئاماژەی پێکراوە. ئینجا لە باری پێش کۆتایی پێنجی هاوتەریبی نێوان دەنگەکانی لا-می لەگەڵ فا-دۆ). بەم شێوەیە جوڵەی پارالێلی هارمۆنی"Parallel Harmonic Movement" بو بە جولەیەکی موزیکیی ئاسایی زۆر گرنگ لەم سەدەیەدا.

**Ravel, Sonatin 1. 79-84**



نمونه 13

ئاوازدانەرانی سەدەی بیستەم، پاراڵیلیزمی هارمۆنی "harmonic parallelism " لە بەرهەمەکانیاندا زۆر بە ئازادانە مامەڵەیان لەگەڵدا کردوە و هەمو جۆرە میانە هاوتەریبییەکانیان بەکاردەهێنا، ئەم دۆخەش بوە هۆی دوبارە پێناسەکردنەوەی هەندێک لە چەمکەکان و سەرهەڵدانی پێشکەوتنی نوێ لە پێکهاتەیی موزیکیی.

### 3.2.2 دەنگە بیانییەکان لە هارمۆنی سەدەی بیستەم


هەر دەنگێک لەگەڵ پێکهاتەیی دەنگە سەرەکیەکانی کۆردێکی هارمۆنی نەگونجێت، ئەو دەنگە بە دەنگێکی بیانی بە یاوەری ئەو کۆردە هەژمار دەکرێت. واتە، کاتێک هارمۆنی لە کۆردێکی سادە بە میانەکانی (٣-٥-٧) دروستکرابێت. هەتاڕادەیەک، زیادکردنی دەنگێکی بیانی لەسەر دەنگەکانی دیاریکراو لە دەرەوەی هارمۆنیەکە زۆر ئاسانە. لە سەردەمانی ڕابوردودا دەنگە نامۆکانی کۆردێکی هارمۆنی لەپاڵ یەکتر لە نێوان کۆردەکاندا بە شێوەیەکی گونجاو دەجوڵان و جولەیان بەرەو کۆردی چاوەڕوانکراو (کۆردە تەباکان-consonance chords) دەرۆیشت و لەپاڵ یەکتردا چارەسەر دەکران. ئەو دەنگە نامۆییانە لە هارمۆنیدا بە دەنگەکانی: "ڕەتبون، پڕۆسێسکردن، دواخستن، پێشخستن، دزەکردن یان قەچاغ، ئاپۆجیاتۆر(appoggiatura)، پێداڵ (Pedal )" هەژمار دەکران. بەڵام لە سەدەی بیستەم، لە ڕێبازی مۆدێرنیزمدا ئەو دەنگە ناهارمۆنیانە (دەنگە بیانیەکان) لەسەر هێڵێکی دیاریکراو بنیاتنراون. هەر بۆیەش چارەسەرناکرێن و ڕێنمایی چارەسەرکردنیشیان نییە. بەڵکو بازدانی دەنگەکان ڕێگە بە "ناتەبایی" دەدەن بە ئازادی بجوڵێن بەبێ ئەوەی چارەسەر بکرێن. سەیری ئەو نمونانە بکە.

لە بەرهەمە موزیکییەکانی سەدەی بیستەم، نۆتەکانی ڕەتبون "Passage" و پڕۆسێسکردن "Processing" بە ئازادی بەکاردەهێنرێن و لە هەمان ڕیتمی کۆردەکاندا کەڵکیان لێدەبینرێن. هەروەها دەکرێت لە یەک دەنگ زیاتر بن و چارەسەریش ناکرێن.




نمونە 14/ نمونەی کۆردی ڕەتبون Igor Fjodorowitsch Strawinski- "The Firebird" Suite

**Hindemith, Ludus Tonalis Interludium s. 38**




نمونە 15/ نمونەی کۆردی پڕۆسێسکردن - Hindemith

لەم نمونەیەی خوارەوە، موزیکدانەر ویلیام شومان (1910–1992) William Howard Schumann, لە شێوازی(کۆردی دواخستن). دەنگە جیاوازەکانی لەسەر کۆردی چارەسەرنەکراوی (٣-٤)ی هەتا کۆتایی ئاوازەکەی پیانۆ بەردەوامی پێداوە.




نمونە 16 / نمونەی کۆردی دواخستن (1943) William Schuman – Three-Score Set

لە ناو موزیکی کلاسیک، فیگەرەکانی "پێداڵ" لە موزیکێکی نەریتیدا بە شێوەیەکی تەبا "Consonance" دەستپێدەکرد و هەتا کۆتاییش بەردەوام دەبو. بەڵام، ئەم دۆخە لە موزیکی سەدەی بیستەم نابینرێت. لەم نمونەیەی خوارەوە (Dimitri Shostakovich,1906–1975 / Senfoni No. 9) لە هێڵی سەرەوە جولەی کرۆماتیک لەگەڵ بەشی باس دەنگی ناتەبا (Dissonance) بەردەوامە، نمونەی لەو جۆرە لە موزیکی سەدەی بیست زۆرە.




نمونە 17 / نمونەی کۆردی پێداڵ – Dimitri Shostakovich, Senfoni No. 9

## 3.2.2 **ئۆستیناتۆ** (Ostinato):

بەمانای ئەوە دێت، فیگور، مۆتیڤ، ڕستە یان پێکهاتەیەکی ڕیتمیی کە بە بەردەوامی بە یەک شێوە و پێداگری هەمیشەیی لە بەرهەمەکەدا دوبارەبێتەوە. بەگشتی ئۆستیناتۆ دوبارەبونەوەی نەخشەیەکە، زیاتر لە هێڵی باس بەکاردەهێنرێت. هەر بۆیەش پێیدەوترێت "Basso Ostinato"، واتە (باسی سەرسەخت یاخود باسی پێداگری). (Stefan Kostka , لا 108)

مێژوی "ئۆستیناتۆ" دەگەڕێتەوە بۆ چەند سەدەیەک بە ڕلە ئێستا. بەڵام بواری بەکارهێنانی ئەم شێوازە، لە موزیکی سەدەی بیستەمدا. وەکو ئیلیمەنتەکانی تر، هەتا ڕادەیەک فراوانتر بوە و بەکارهێنانی بەپێی پێداویستییەکانی ئەو قۆناغە هەندێک گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە.

لەم نمونەیەدا (Darius Milhaud 1892-1974 / Piano Sonata) فیگوریکی ئۆستیناتۆ "Ostinato" دەبینین لە دو کۆرد پێکهاتوە، کە لە بڕگەیەکی فرەدەنگیی "politonal" وەرگیراوە و لە هێڵی خوارەوە بە شێوەی ئۆستیناتۆ لە (باس) پێداگری بەردەوام و یاوەری میلۆدیەکانی هێڵی سەرەوە دەکات. کەواتە بەکارهێنانی "ostinato" بە شێوەی پۆلیتۆناڵ، دەبێتە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی تری سەدەی بیستەم.

**Milhaud, Piyano Sonat s. 3**




Darius Milhaud - Piano Sonata 18 نمونە

لەم بەرهەمەی خوارەوە، بێلا بارتۆک (Béla Bartók,1881-1945 / String Quartet No.5) کە بۆ چوار ئامێری نوسیوە، لەژێرەوە بە "ostinato" ئامێرەکانی (Viola-Violoncel) یاوەری میلۆدیەکی سەربەست لەسەرەوە دەکەن.



Béla Bartók, String Quartet No.5 19 نمونە

دو ئۆستیناتۆ لەهەمان کات، لەو بەرهەمەی خوارەوە نمونەیەکی ترە لەسەر بەکارهێنانی لە ناو سەدەی بیستەمدا. (Jean Sibelius, Symphony No. 4) سیمفۆنی ژمارە چوار، موزیکدانەر سیبێلیوس لە جولەی سێیەم دو دانە ئۆستیناتۆ لەهەمان کات بەکاردەهێنێت. لە سکۆری ئۆرکێسترا بە ڕەنگی سور ئۆستیناتۆ یەکەم A، بە ڕەنگی شینیش هی دوەم. لە B هەمان بڕگە بۆ ئامێری پیانۆ ڕێکخراوە (Piano Edition)، "double ostinato" ئەمەش بە ڕونی لە هێڵی خوارەوەدا دیارە.




A. Orchestra score edition




B. Piano Edition

Jean Sibelius, Symphony No. 4 / 20 نمونە

## ئەنجام

بۆ ئاشنابون بە موزیکی سەدەی بیستەم، پێویستە سەرەتا شارەزایی تەواومان بە چەندین بابەتی گرنگ هەبێت، بە تایبەتی تەکنیکەکانی موزیکدانانی ئەم سەدەیە. هەر بۆیە لەم توێژینەوەیەدا بە پلەی یەکەم ئەوە بە ئامانج گیراوە. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بەکارهێنانی کرۆماتیزم و هەر (١٢) نیو تۆنی موزیکیی، بە شێوەیەکی زۆر فراوان و بە شێوەی ئازادانە لە بەرهەمەکاندا:

1. بونەتە هۆی کاڵبونەوەی سیستەمی دیاتۆنیک و نەمانی تۆناڵیتێت و پەیژەکانی گەورە و بچوک. دوای ئەوە، بۆشایی گەورە لە موزیکدا پەیدابوە، بەم هۆیەشەوە چەمکی ئاتۆنالیزم سەریهەڵداوە و کۆنترۆڵی موزیکی ئەم سەدەیە دەکات و هەتا ئەمڕۆش بەردەوامە.

2. ئەم پێشهاتانە لەپاڵ یەکتردا، بونەتە هۆی دۆزینەوەی چەندین تەکنیکی موزیکدانان و ژەنین و شێوازی نوسینی تایبەتی نوێ بۆ دەربڕین.

3. سیستەمی " ١٢ تۆن" لە ساڵی ١٩٢٠ز لەلایەن ئارنۆلد شۆنبێرگ، لەچوارچێوەی یاسای تایبەت بە خۆی دروستکرا. لە دواییدا لە لایان قوتابیەکانیەوە موزیکی (زنجیرە نۆتەکان) "Serial music" لە نێوان ساڵانی ١٩٣٠ بۆ ١٩٦٠ دروستکرا و بە شێوەیەکی سەربەخۆ بەکارهێندرا. ئەم دۆزراوانە لەپاڵ سیستەمی ئەتۆنالیتی"Atonality"، بە گرنگترین پێشهاتەکانی سەدەی بیستەم هەژمار دەکرێن.

4. میلۆدی موزیکی کوردی لەگەڵ هەمو زانیاریەکانی لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد، زۆر بە گونجاوی دەکرێت مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و بە یاوەری هارمۆنی مۆدێرن بە شێوەیەکی دەوڵەمەند پێشکەش بە جیهان بکرێت.

5. بەسەرهات و ڕوداوەکانی جیهانیی لە سەدەی بیستەم، بونەتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین تەکنیک و شێوازی نوێ لە موزیکدانان کە بونەتە هۆی گۆڕانکاری لە شێوازی هەستی دەربڕین، بەگشتی نوێکاری و تایبەتمەندی موزیکی سەدەی بیستەم لەم خاڵانەی خوارەوە کورت دەکرێن:

**یەک** - لە سەدەی بیستەم، توخمەکانی میلۆدی و هارمۆنی لە مامەڵەی کەرەستە زیاتر وەک تەکنیک بەکارهێندراون.
**دو** - لە سەدەی بیستەم جەختکراوەتەوە سەر دورکەوتنەوە لە ڕێنمایی توندرەوەکانی موزیکی کۆن. بۆ ئەوەی بە ئازادانە بەرهەم بنوسرێت، ئەوەش بۆتە هۆی دۆزینەوەی سیستەم و شێواز و تەکنیکی نوێ و لە بەرهەمەکاندا بەکارهێنراوە.
**سێ** - هەمو کار و بەرهەمەکانی موزیکدانەران لە سەدەی بیستەم، لەسەر سیستەمی ئەتۆنالیتی"Atonality" دامەزراوە.
**چوار** - کۆردەکان دەوڵەمەند، فراوان، فرەکۆرد، میانەی نارێک بەگشتی بەکاردێت و چارەسەر ناکرێن.
**پێنج** - نوسینی میلۆدی بە جیا لە پێکهاتەی هارمۆنی بیری لێدەکرێت. هەروەها پێکهاتەی ڕستەی نارێک و فرە میلۆدی بە زۆری لە بەرهەمەکانی سەدەی بیستەم بەکاردەهێندرێن.

**شەش ـ** بەکارهێنانی مۆتیڤ بە شێوەی داپۆشراو لەسەر نۆتەی جیاواز نمایش دەکرێن و ڕەنگی جیاواز دروست دەکەن.

**حەوت ـ** دروستکردنی میلۆدی بە کارکردن لەسەر بنەمای "cell" (خانە میلۆدیەکان).

**هەشت ـ** مەودای (میانەی) فراوانتر، بازدانی زیاتر، کرۆماتیک، کەمی لیریک، ڕیتمی نائاسایی، تیمپۆی ئازاد، نوانسی زۆر و تازە دۆزراوەکان، کاراکتەری تری موزیکی ئەم سەردەمەن و زۆرتر لەبەرهەمەکاندا بەکاردەهێنرێن بە بەراورد لە ڕابوردو.

**نۆ ـ** پەیدابونی سیستەمی موزیکی نوێی دوازدە تۆن.

**دە ـ** زمانێکی هارمۆنی هاوبەش لە سەدەی بیستەم لای ئاوازدانەران بونی نیە. بەڵکو هەمەچەشنیی هارمۆنی هەتا وەکو ئەمرۆ باڵا دەستە.

**یازدە ـ** بەکارهێنانی مۆودە کۆنەکان و کارکردن لەسەر چارەکە تۆنەکان، تایبەتمەندییەکی تری سەدەی بیستەمە.

- هەمو ئەو داهێنانانە، دەوڵەمەندییەکی بێهاوتای بەخشیوە بە بەرهەمە موزیکیەکانی ئەم سەردەمە، کە ناسراوە بە سەردەمی مۆدێرن.

**ڕاسپاردە**

1. هەمو ئەو گۆڕانکاریانەی لە تەکنیکەکانی موزیکدانان لە سەدەی بیستەم ڕویداوە، جەخت دەکاتە سەر گرینگی پەرەپێدانی پرۆگرامی خویندن، هەروەها ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەسەر ئەم بوارە نوێیە.
2. زۆر بە گرینگی دەبینین کە موزیکی سەدەی بیستەم و سیستەمی ئاتۆناڵ بە زوترین کات لە خوێندگاکانی موزیکی بکرێن بە مێتۆد لەپاڵ پەروەردەی بنەڕەتی موزیک لە دەزگا هونەرییەکاندا پەیرەوبکرێن.
3. پێگەیاندنی قوتابی و بەرهەمهێنان بە شێوەیەکی زانستی لە چوارچێوەی موزیکی نوێ و هاوچەرخ بۆتە پێویستیەکی سەرەکی.
4. ئەتۆناڵیتێت تەنها مێژویەکی کورتی ١٠٠ساڵەیی هەیە. ئەگەر گرنگی پێبدرێت و کاری پێویستی لەسەر ئەنجام بدرێت. بێ گومان دەتوانرێت زمانێکی هاوبەشی هارمۆنی بۆ ئاتۆناڵیتێت گەشەی پێبدرێت.

# The use of Melody and Harmony Elements as Techniques in 20th Century Music

**Hiwa Talat Arif[1] – Ihsan Shakr Mohsin Zalzala[2] – Idris Abdullah Mustafa[3]**

[1]Department of Music, College of Fine Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan region, Iraq.

[2]Department of Music, College of Fine Arts, University of Baghdad, Baghdad, Iraq.

[3]Department of Kurdish, College of Language, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

This publication is a descriptive-analytical study, Depends on qualitative method. Describes a specific phenomenon or event or thing, depending on the books and sources include examples, and analysis of those examples that are related to the innovations that occurred in the common materials (melody-harmony) used in the twentieth century, and how it was used as a new technique in music.

The views of famous composers of the twentieth century are about the change in the definition of music. In their opinion and according to the definitions and materials available, today's music expresses human feelings more broadly and appropriately, therefore, musical production is performed more profoundly. According to this new and contemporary view, the development of music is discussed and emphasizes how natural materials are used in their works freely, as well as how artistic studies and their goals are presented to humanity by finding new sound effects and how they are different from the past music. This study discusses (Polyphony), where many sounds are used simultaneously based on the standards of global western music, known as (Classical Music).

This research includes Problem, Importance, and Objectives of the study in the first part. The second part is devoted to the definition, and information on several important topics, and discusses the most significant changes that have occurred in the twentieth century. The third section focuses on the elements of melody-harmony, presents the necessary information, the changes that have occurred in these elements, and includes analyses of the examples. This publication then concludes with a presentation of the results and a list of bibliographies.

**Keywords**: Usage – Elements of melody – Elements of harmony – Technique in 20th Century Music.

## سەرچاوەکان


Bakihanova Zarife, Armoni, 2003, Birinci Basım, Bilkent Uni. Ankara Türkiye. ISBN 975-7679-86-0

Jean-Philippe Rameau,Treatise on Harmony, 2002 University of Chicago 1971 edition, Dover Music Publications ISBN: 9780486224619

JOHN CAGE, Silence 1961 - WESLEYAN UNIVERSITY PRESS - First printing, 1961. Wesleyan Paperback, 1973. Printed in the United States of America 15

Kostka, Stefan. 1990, Materials and Techniques of Twentieth Century Music, Prentice–Hall Inc. Englewood Cliffs, New Jersey.

Paul Hindemith, 1945, The Craft of Musical Composition, Schott, New York.

Ross, Alex. 2008. *The Rest is Noise*. London: Fourth Estate. New York: Picador Press.

*Stevenson, Angus (2010-08-19). Oxford Dictionary of English*

Vincent Persichetti, Twentieth Century Harmony, 1961- W.W. Norton &Company.

Walker-Hall, Helen. *Music by Black Women Composers: A Bibliography of Available Scores*. Center for Black Music Research, 1995. Ex. Composer Margaret Harris-Schofield.

Willi Apel, Harward Dictionary of Music, 1947-Harvard University Press, Cambridge, Massachusetts.

فەرەج، غەمجین، 2005، دەروازەیەک بۆ بۆتەکانی موزیک، هەولێر چاپخانەی منارە.

ابن المنظور، جمال الدين محمد بن مكرم، لسان العرب، كتبه احمد جابر صاحب الجوائب، ١٧رجب المعظم ١٣٠٠م، طبعة ١١ – بيروت ٢٠٢١.

شوينبيرج ، أرنولد. 1975. الأسلوب والفكرة ، حرره ليونارد شتاين مع ترجمات ليو بلاك. بيركلي ولوس أنجلوس: مطبعة جامعة كاليفورنيا. 0-520-05294-3 ISBN.

طومسون ، فيرجيل. 2002. فيرجيل طومسون: كتابات مختارة ، 1924-1984، حرره ڕيتشا.

فن الضوضاء، 1986, مترجمة من الإيطالية مع مقدمة بقلم باركلي براون. Monographs in Musicology. نيويورك: Pendragon Press،. 0-918728-57-6 ISBN.

فاخرومييف. مبادىء الموسيقى النظرية، 1972. ترجمة د. ڕوف موسى الكاظمي، وزارة الاعلام-بغداد مديرية الثقافة العامة.

ماتشليس، جوزيف. 1979. مدخل إلى الموسيقى المعاصرة، الطبعة الثانية. نيويورك. ڕدمك 0-393-09026-4 **ISBN**.

موسيري ، فرانك إكس. 1997. "من الموسيقى التجريبية إلى التجربة الموسيقية". وجهات نظر الموسيقى الجديدة.

الموسيقى، بوليتوسكي ودانييل تي وفيرنر مارتن. 1988. الطبعة الرابعة. برنتيس هول. ڕدمك 0-13-607616-5 .

رايش، ستيف. "الطبول (1971)". كتابات عن الموسيقى 1965-2000: مطبعة جامعة أكسفورد، 3 أكتوبر 2011. منحة أكسفورد عبر الإنترنت. تاريخ الوصول 8 /9/ 2022 -**https://oxford.universitypressscholarship.com/view/10.1093/acprof:oso/9780195151152.001.0001/acprof-9780195151152-chapter-10.**

الموسيقى الكلاسيكية في القرن العشرين **تاريخ الوصول 2022/9/11 - 16:06**

https://stringfixer.com/ar/20th-century_classical_music

تعريف و معنى عنصر في معجم المعاني الجامع - معجم عربي عربي 2022/10/5

https://www.almaany.com/ar/dict/ar-ar/%D8%B9%D9%86%D8%B5%D8%B1/

- Classical Music from 1900 to the Present: 3/6/2022- 23:35

  **https://ccs.instructure.com/courses/1428874/pages/classical-music-from-1900-to-the-present**
- **Pentatonic, pentatonic scale (2016) from: 14/8/2022 – 16:42 / 20.10.2022 15:45**

  **https://www.britannica.com/art/pentatonic-scale**

  http://musiced.about.com/od/Performance/fl/How-to-Find-Notes-forImprovisation.html
- Encyclopedia Britannica "music | Art Form, Styles, Rhythm, & History" 15/10/2022 https://www.britannica.com/art/music
- Dictionary / Definition of technique 14/10/2022 https://www.dictionary.com/browse/technique

[1] - لە نێوان ساڵانی ٢٠١٣ تا ٢٠١٧ لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر، پسپۆرایەتی موزیکدانان لەگەڵ لقانی ژەنین و ئیتنۆموزیکۆلۆجی کرایەوە بەڵام بەداخەوە لە دواییدا لابردران وداخران. (توێژەر).

[2] - تۆنالیتی(Tonality): واتە ڕەگەزێکی مەقام یان پەیژەیەکی موزیک، فەرەج، غەمجین، 2005 لا 216